هەرکەسێک لە غوڵامەکەی بدات یان زلەی لێبدات بەهۆی شتێکەوە کە نەیکردووە؛ کەفارەتەکەی ئەوەیە ئازادی بکات

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک لە غوڵامەکەی* بدات یان زلەی لێبدات بەهۆی شتێکەوە کە نەیکردووە؛ کەفارەتەکەی ئەوەیە ئازادی بکات».
(*غوڵام: واتە کوڕە منداڵی خزمەتکار -بەندە یان کۆیلە-یشی پێدەووترێت)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک لە غوڵامەکەی* بدات یان زلەی لێبدات بەهۆی شتێک یان سەرپێچیەک کە شایستە بێت سنووری لەسەر جێبەجێ بکرێت وتەمبێ بکرێت لەکاتێکدا غوڵامەکە ئەو سەرپێچیەی نەکردبێت؛ کەفارەتی ئەم لێدانە ئەوەیە کە غوڵامەکە ئازاد بکات چونکە ئەم لێدانە تاوان وسەرپێچیە بۆیە کەفارەتەکەیشی ئەوەیە ئازادی بکات. *(غوڵام: واتە کوڕە منداڵی خزمەتکار -بەندە یان کۆیلە-یشی پێدەووترێت)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8895